www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-12-2006 22:16

با هەوڵەکانمان بخەینە گڕ بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی "140" ... عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

خورماتوو
abdulagermiki@yahoo. com

گفتوگوکان تا بێت. زیاتر دەبێت. لەسەر ماددەی سەد و چل، چونکە چارەنووسی گەلی کورد بەندە بەو مادەیەوە. بێشك چەند مانگێکیش ماوە لەپێش ئەو پرۆسەیەدا واتا بۆ جێبەجێ کردنی. ئەویش بە چەند هەنگاوێك هەر لەراپرسی و ریفراندۆم و تا چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ماددەیە. هەروەها تا بێت و دژایەتێکانیش پتر دەبن هەر سەبارەت بەو ماددەیە هەموو شێوازەکانی دژایەتیان گردوەتە بەر. ئەوەش ئاشکرایە ئەوڕۆکە بەرەی تورکمانی و عەرەبە کۆنە بەعسێکان بەردەوام لەهەوڵدانداں بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە هەر بنبڕ کەن. لەدەستووری هەمیشەی ئێراق. ئەوەتا ئەو رۆژە لەلێدوانەکانی یەکێك لەئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك کە سەر بە (تجمع العربییە) لەوڵامی پرسیارێکدا گەر ئەم ماددەیە تەتبیق کرا ئێوە چی دەکەن. ووتبووی گەر ئەو مادەیە تەتبیق بکرێت ئەوا ئێمە دەست دەکەینە شەڕی چەك داری. ئەمەو زۆربەی سیاسێکانی تری ئێراقیش هەر دژبەری ئەو ماددەیەن. ئەوەتا ئەو راپۆرتەی بیکەر_هاملتۆنیش دەڵێت مامەسەلەی کەرکوك دوابخرێت. بەراستی ئەمانەش مەترسی لەگەڵ خۆی دێنی. هەر بۆیە دەبێت زیاتر هەوڵەکانمان بخەینە گڕ بۆ ئەوەی ئەم مافەمانە وەك زۆربەی مافە رەواکانی دیکەمان نەفەوتێن.

ئاشکرایە خەباتی گەلی کوردی چەندین ساڵە لەپێناوی ئازادی و سەرفرازیدا بووە یەکێك لەئامانجە گرنگەکانی گەلەکەمان مەسەلەی کەرکوکە. هەنووکەش لەدوای پرۆسەی ئازادی ئێراقەوە دیارە چارەنووسی ئەم شارە تا ئێستا نا دیارە. باشوری کوردستان لەدوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی هەزار و نوسەد و نەوەت یەکەوە. ئەو سێ پارێزگایەی دیکە توانرا کە لەژێر دەستی دەسەڵاتی تۆتالیتاری بەعس رزگار بکرێت ئەمەش وەکو سەرەتا هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو، ئێستاش خۆ ئەو حکومەتە فاشیستە نەماوە ئەی بۆ نەتوانرا زوو تر دۆخی کەرکوك چارەسەر بکرێت.

بێشك ئەم مەسەلەیە نەك بەس تەنیا پەیوەندیدارە بەکەرکوکەوە یان هەندێ بیرۆکەی چەوت هەیە وادەزانن تەنیا خەڵکی ئەم شارە بۆی هەیە هەوڵ بدەن و کاری بۆ بکەن. ئەوە هەڵەیە بەڵکو دەبێت هەموو گەلی کورد هەوڵەکانیان بخەنە گڕ بەراستی. خۆی راستە شارە پەیوەندیدارەکان. کەرکوك و شەنگال و خانەقین و خورماتوو شوێنەکانی تر دەبێت. ئەوان پتر ئەم چەند مانگەی کە ماوە هەوڵی بۆ بدەن و بتوانرێ سمینار و کۆڕ پێش بخرێت بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر لەم ماددەیە تێ بگات نەك هەر تەنیا بزانی ئەو رەقمە پەیوەندیدارە بە دۆخی کەرکوکەوە. بەڵکو دەبێت رۆشنفکران و یاساناسان ئەوان رابەرایەتی و رێگە پیشاندەری خەڵك بن بۆ ئەوەی لەم ماددەیە پتر لەبڕگەکانی تێبگەین و هەوڵ بدەین کەمپین و چالاکیی جۆراو جۆر پێش بخەین بێشك ئەم کارانەش زیاتر دەبێتە سەبەبی ئەوەی ئەم ماددەیە جێبەجێ بکرێت. چونکە گەر بڵێین با دەستمان بەکلاوەکەی خۆمانەوە بگرین حەقمان چییە لەو مەسەلەیە بێ گومان ئەمە گەورەترین نەك هەر هەڵە بەڵکو تاوانە بەرای من. و هەروەها دەبێت سەرجەم حزبە کوردستانییەکان و جەماوەریش ئەم تەوەرە بکەنە خەباتی سەرەکیان و ئەم ماوەیەی کە ماوە لەپێشماندا پتر دەبێت قوڵبوونەوە و تێکۆشان بکەین. ئەم ئەرکەش نەك تەنیا لەسەر چینێك بەڵکو ئەرکێکە دەکەوێتە سەر شانی سەرجەم چین و توێژەکان....